**الاتحاد العام للاجئين العراقيين**

**فیدراسیونی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی**

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFIR

---

# بەهەوڵی فیدراسیۆن‌و چەند لایەنی دیکە 70 پەنابەری کوردی عێراق لەبەریتانیا لە مەترسی بەزۆرناردنەوە رزگارکران!

لەدرێژەی هەوڵەکانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی‌و هەڵسوراوانی بەرگریکار لەمافەکانی پەنابەران و چەند کەسایەتی شارەزا لەبواری یاساو مافەکانی پەنابەران، دوێنی 21-6-2011 پلانی ناردنەوەی بەزۆری حەفتا( 70) پەنابەری کوردی عێراق کە لە چەند گرتوخانەی لەندەن ئامادەکرابون تا لەرێگای فڕۆکەخانەی هیسرۆوە رەوانەی فڕۆکەخانەی بەغدا بکرێنەوە، هەڵوەشایەوە.

فیدراسیۆنی پەنابەران بەهاوکاری چەند لایەنی دژ بەناردنەوەی بەزۆری پەنابەران‌و یاسا ناس توانی بڕیاری ناردنەوەی (٧٠) پەنابەری کورد هەڵوەشێننەوە لە دادگا، کە ئامادەکرابون رەوانەی بەغدا بکرێنەوە. ئەوە لە کاتێکدا کە پاس ئامادەکرابوو تا لە زیندانەوە رەوانەی فڕۆکەخانە بکرێن. بەڵام بڕیاری دادگا کە بەقازنجی پەنابەران بوو لەگەڵ پشتێنەی مرۆیی کە لەلایەن هەڵسوڕاوانی فیدارسیۆن‌و لایەنەکانی دیکەو ئازادیخوازانەوە دروستکرابوو لەبەردەم گرتوخانەکەدا، پێکەوە دەوریان بینی بۆ رزگارکردنی ئەو پەنابەرانە لە مەترسی بەزۆر ناردنەوە.

بێگومان ئەم دەسکەوتە گەورەیە لە درێژەی کەمپینی 20 رۆژەی فیدراسیۆندایە کە لە دەرەوەو ناوەوەی عیراق و کوردستان بە پشتیوانی دەیان کەسایەتیو رێکخراوەی ئینسانیو کریکاریی وچەند پەرلەمانتار، بەرێی خست، لایەنێکی گرنگی بەرهەلستیکارو کاریگەرو کارساز بووە لەسەر ژیانو چارەنووسی پەنابەران. ئەمەی خوارەوە گۆشەیەکی بەرچاوی چالاکیەکانی فیدراسیۆنی پەنابەران دەخاتە روو:

1. بەدوای توند بوونەوەی فشارەکان بۆ سەرپەنابەران لەولاتانی ئەوروپا بەگرتنو لیگرتنەوەی خزمەتگوزاریی وپاشان دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بۆ بەغدا، فیدراسیۆن کەمپینێکی 20 رۆژەی راگەیاند بەرامبەر بەو زەختو زۆرەی بۆ پەنابەران دەهێنرێت، ئامانج لەو کەمپینە فشارە خستە سەر حکومەتی عیراقیە بەمەبەستی هەلوەشاندنەوەی ئەو رێکەوتننامانەی لەسەر پەنابەران لەگەل ولاتانی ئەوروپیەکان ئیمزایان لێداوە، وەرنەگرتنەوەی هیچ پەنابەرێکی بەزۆر نیراوە لە فرۆکەخانەی بەغدا.
2. فیدراسیۆن نامەیەك ئاراستەی لیستی فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی عیراقی دەکات کە ئەم داواکاریانە دەگریتە خۆ:

- ڕاگرتن و هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی ئەو ڕێکەوتننامانەی کە حکومەتی عێراقی لەگەڵ حکومەتەکانی ئەوروپا لەسەر ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران ئیمزایان کردوە وەبوەسمی ڕابگەیەنرێت کە هیچ پەنابەرێکی بەزۆر نیراوە لە بەغدا وەرناگیریتەوە.
- ئەم ڕەوشەی پەنابەران لەولاَتانی ئەوروپا و بەتایبەتی سیاسەتی ناردنەوەی پەنابەران ئیدانەو سەرکۆنە بکەن و بوەسمی بەحالَەتی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤی لەقەلەم بدەن .
- زەخت بۆ وولاَتە ئەوروپایەکان لەرێگای (UN) بهێنرێت ئەم زەخت وزۆرە لەسەر پەنابەرانی کورد لە لایەن وولاَتە ئەورپایەکانەوە هەڵگیرێ .
- ئەو پەنابەرانەی بەزۆرە ملی دیپۆرتی کوردستان کروانەتەوە قەرەبوو بکرینەوە ،بیمە یان کاری گونجاویان بۆ دابین بکرێت.وەلاَم بە خواستەکانی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان بدەنەوە کە بەشێوی یاداشت ئاراستەی پەرلەمان وسەرۆکی حکومەت کراوە.

3. رێکخراوی لیبوردنی نیو دەولەتی لەدوایین ئالووگۆرەکان لەسەر رەوشی پەنابەران ئاگاداردەکریتەوە بەمەبەستی هاوکاری پەنابەران.
4. سکرتیری فیدراسیۆن لەگەڵ بەریز جین لامبیرت ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا لەلیستی سەوز کۆدەبیتەوە، ئەوانیش ئیمزای پشتیوانی لەکەمپینی فیدراسیۆن بۆ بەرگری لەمافەکانی پەنابەران ئەدەن.
5. وەفدێکی سکرتاریتی فیدراسیۆن لە لەندەن کە لە (ئاسۆ گۆران،دەشتی جەمال،عوسمان فەتاح) لەگەڵ بەریزدکتۆر محمد کیانی ئەندام پەرلەمانی عیراقی کۆدەبنەوە. دوای قسەو باس گۆرینەوە لەسەر دوایین گۆرانکاریەکان لەسەر دۆخی پەنابەران. لەسەر کەمپینی فیدراسیۆن قسەو باس دەکریت چەندین بەلگە، کە رێکەوتننامەکانی حکومەتی عیراقی ، وەنامە بە لیستی فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی عیراقیان ئاراستە دەکرێت. ئەوانیش سەرباری پشتگیریان لەکەمپینی فیدراسیۆن بەلێن ئەدەن لەرێگای کۆکردنەوەی 50 ئیمزا لەلایەن پەرلەمانتارەکانی عیراق، دۆسیەی پەنابەران بخەنە ئەجندەی کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی عێراقی لە داهاتوودا.

6. سكرتيرى فيدراسيۆن لەگەڵ هەريەك لە بەريزان جيرمى كۆبن، جان مكندونيل ئەندامانى پەرلەمانى بەريتانيا كۆدەبيتەوە، سەربارى پشتيوانيان لەكەمپينى فيدراسيۆن، ئيمزايان لێ وەردەگريت بۆنامەيەك كە ئاراستەى هەريێ سەرۆكايەتى حكومەتى عيراقى، سەرۆك كۆمارى عيراق و سەرۆكى هەريمى كوردستان دەكرێت.

7. فيدراسيۆن ژمارەيەكى زۆر لە رێكخراوى پەنابەريو ئينسانى، يەكيتى كريكاريى وگروپى سياسى، مامۆستاى زانكۆ لەو كەمپينە ئاگاداردەكاتەوە كە ئەوانيش پشتگيرى خۆيان لە كەمپينى فيدراسيۆن رادەگەينن و نامە ئاراستەى بەرپرسياران دەكەن لەعيراقو كوردستان.

8. پەيتا پەيتا فيدراسيۆن نامەى پشتگيريەكان، بە فاكس ئاراستەى بالۆيزخانەى عيراقى لە لەندەنو نوسينگەى حكومەتى هەرێمى كوردستان دەكات.

9. لەكۆبوونەوەى پەرلەمان لە ساڵ يادى سەردەشت عوسمان ئيمزايەكى زۆر دژ بە ناردنەوەى پەنابەران كۆدەكريتەوە.

10. لەچەند كۆبوونەوەى رەوەندى كوردى و كۆبوونەوەى لايەنە سياسيەكان بەدەيان ئيمزا بۆ پشتيوانى لەكەمپينى فيدراسيۆن كۆدەكريتەوە.

11. چەندين دەزگاى راگەياندنوميدياكان لە ئاستى سەراسەردا لە دەرەوە وناوەو ەى كوردستان بەشێوازى جۆراجۆر لەو كەمپينەو رەوشى پەنابەران ئاگادار دەكرينەوە.

12. بە بەردەوامى بەشێوەى كۆمەڵ كۆمەڵ لە ريگاى تەلەفونەوە سكرتيرى فيدراسيۆن لەگەڵ پەنابەرە گيراوەكان لە شەش گرتووخانەى دەستبەسەر بەريتانياو سكوتلندە، كۆبوونەوە بە پەنابەران دەكات، لەسەر دوايين هەوڵەكانى فيدراسيۆن ئاگاداريان دەكاتەوە. هەروەها نامەى بەكۆمەڵى ئەوپەنابەرانە كە ئاراستەى رێكخراوە پەنابەريو ئينسانى و دەزگاكانى راگەياندن كراو ە، دەنيريت.

13. فيدراسيۆن فۆرمى سكالاى دادگاى ئەوروپا بۆ پەنابەرەكانى زيندانى دەنيريت، تا پرى بكەنەوە بە فاكس بۆ دادگاى ناوبراوى بنيرن..

14. بەشێوەى تاك تاك، فيدراسيۆن نامە بۆ ليكولينەوە لەكەيسەكانى پەنابەرانى زيندانى ومەبەستى پشتيوانى، ئاراستەى وەزارەتى ناوخۆى بەريتانيا دەكات.

15. فيدراسيۆن بۆ ئەوەى بەشێوەيەكى ياسايش پرۆسەى پشتگيرى لەو پەنابەرە زيندانيانەى هەرەشەى ديپۆرتيان لەسەر بوو بباتە پێشەوە، چەندين بەڵگەو دۆكيمنت ئاراستەى پاريزە ر وكەسايەتى شا رەزا لە بوارى ياساكان دەكات تا ببيتەهۆكاريەك بۆ بەرگرتن بە پرۆسەى ناردنەوەى پەنابەران بۆ بەغدا.

16. 24 پەنابەرى گرتووخانەى كامسفيلد هاوس لە شارى ئۆكسفۆرد دژ بە بينينى وەفدى حكومەتى عيراقى بۆ سەردانى زيندانيەكان بەمەبەستى دڵنياكردنەوەى حكومەتى بەريتانيا لە ناسنامەى ئەو پەنابەران، پاشان ديپۆرتكردنەوەيان، 4 رۆژ مانگرتنيان راگەياند. لەسەر داواى سكرتيرى فيدراسيۆن مانگرتنيان لەخواردن شكاند.

17. 5 پەنابەرى كورد لە گرتووخانەى دەستبەسەرى گلاسگۆ دژ بە ناردنەوەيان لە خواردن ماندەگرن.

18. سێ گروپى دژ بە ديپۆرتى پەنابەران كاتژمێر 5 ئێوارەى 21-6 بەشێوەى پشتينەى مرۆى وبە شێوازى دەستگرتن لەناو سەبى كۆنكرێتى سەر رێگاى هەردوو گرتووخانەى (كۆڵن برۆك،هاردمەنسورس)دەگرن تا رێگا لەو پاسانە بگرن كە پەنابەران دەگۆيزيتەوە بۆ فرۆكەخانەكان، بۆ ئەوەى ديپۆرتى بەغدا بكرينەوە.

19. <u>كوردستان</u>: لە ماوەى چەند هەفتەى رابردوودا وەفدى فيدراسيۆن كە پێك هاتبوو لە(ئارى جلال، بەختيارى سالح، ئامانج عبدولا) سەردانى ژمارەيەكى زۆر لە ميديا ئەهليەكان و دەزگاكانى راگەياندنو رێكخراوە جەماوەرى و پيشەيەكان و كەسايەتى جۆراجۆر دەكەن تا لە كەمپينى فيدراسيۆن بۆ پشتيوانى لەخواستەكانى پەنابەران ئاگاداريان بكەنەوە، و ئيمزاى پشتيوانيان بۆ داخوازيەكانى كەمپينى فيدراسيۆن لێوەردەگرن.

20. لقى كوردستانى فيدراسيۆن داواى مولەتى خۆپيشاندان لەبەردەم نوسينگەى پەرلەمانى عێراقى پێشكەش دەكات، بەداخەوە لەلايەن پاريزگارى سلێمانى بە بەهانەى جۆراجۆر رێگاى لەمولەتى ياساى خۆپيشاندانى فيدراسيۆن دەگيريت.

21. سەرلەبەيانى 19-6 وەفدێكى فيدراسيۆن كە پێك هاتبوو بە (ئارى جلال، بەختيارى سالح، ئامانج عبدولا) سەردانى نوسينگەى پەرلەمانى عيراقيانكرد لە شارى سلێمانى و چاويان كەوت بە بەرێز(ئارى سەلاحەدين فەرەج) بەرپرسى نوسينگەكە و جەختيان لەوە كردوە كەپێويستە حكومەتى عيراقى چيتر رێگا بە ناردنەوەى پەنابەران نەداو و ياداشتى فيدراسيۆن و نزيك بە هەزار ئيمزاى نارەزايەتى كە ئاراستەى سەرۆك كۆمارى عيراقو سەرۆك وەزيرانو سەرۆكى هەرێم كرابوو لە دەرەوەو ناوەوەى كوردستان لە پێناو بەرگرى لە پەنابەران پێدرا. تا بگاتە هەريێ سەرۆكايەتيەكە.

22. هەمان رۆژ وەفدى ناوبرا لە نوسينگەى پەرلەمانى كوردستان چاويان كەوت بە بەرێزان(پەيمان عيزەدين، سەرگول قادر) ئەندامانى پەرلەمانى كوردستان سەربارى دانى ياداشتى فيدراسيۆن، كۆپى چەندين ئيمزاى نارەزايەتيان دژ بە ناردنەوەى پەنابەران پێدان، ئەوانيش پشتيوانى خۆيان بۆ داخوازيەكانى پەنابەران راگەياند.

23. ئێوارەى هەمان رۆژ فيدراسيۆنى سەراسەرى پەنابەرانى عيراقى لە نوسينگەى سەنتەرى بەرگرى لەمافەكانى مندالان، كۆنگرەيەكى رۆژنامەوانى بۆ (ئامانج عبدولا) بەرپرسى لقى كوردستانى فيدراسيۆنى سەراسەرى پەنابەرانى عيراقى سازدا . لەو كۆبوونەوەيەدا بەرپرسى فيدراسيۆن تيشكى خستە سەر دوايين ئالوگۆركان لە رەوشى پەنابەرانو ئەو كارو چالاكيانەى فيدراسيۆن لەراستاى بەرگرى لەمافەكانى پەنابەران ئەنجامى داوا لە دەرەوە ناوەو كوردستان,.

24. لەسەرجەم ئەم چالاكيانەدا زۆربەى زۆرى كەناڵەكانى راگەياندنو رۆژنامەنوسان لە ميديا ئەهلى و حزبيەكان راپۆرتى ئەم هەوالانەى كەمپينى فيدراسيۆن يان، پەخشكردۆتەوە.

25. لە بەروارى راگەياندنى كەمپينى فيدراسيۆن دژ بە ناردنەوەى پەنابەران، سەربارى هەڵوەشاندنەوەى ديپۆرتى 70 پەنابەر لە بەريتانياوە، تا ئيستا 17 كەسيان لەزيندان ئازاد كراون.

د ەرس و تەجرەبەى كەمپينى 20 رۆژەى فيدراسيۆن، راگرتنى ديپۆرتى 70 پەنابەر بۆ فرۆكەخانەى بەغدا، دەستكەوتو نەبەرديەكى گرنگە و پرشنگدارە لە خەباتى مەيدانى پەنابەرى بۆ ئازادى نيشتەجێ بوون. پێمان دەڵێت دەتوانيين لەهەنگاوەكانى داهاتوومان

سەرکەوتن بەدە ست بهێنین. خەباتێکی گەورەو قورس لە ڕێگەمانە. دەبا لەپشتی ئەم دەستکەوتانە رابوەستین، فیدراسیۆن بەهیز بکەین بەدەستیەوە بگرین تا بتوانین دوا بزماری خۆمان بدەین لە تابووتی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران.
دلنیاشین لەم خەباتە رەوایەدا تەنها نیین، خەڵکی ئازادی خوازو ئینسان دۆستی ئەوروپا و عیراق و کوردستان هاوکاری جدی و پشتیوانمان.
ماوەتەوە ئەوە بلین بەناوی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقیەوە ئەوپەری سپاسو ریزوتقدیری خۆمان بنیرین بۆ هەموو ئەو کەسایەتیوپەرلەمانتارو لایەنونیهادو رێکخراوناوەندەکانی راگەیاندن ومالپەرەکان لە دەرەوەو ناوەوی کوردستان کە بە هانای کەمپینی فیدراسیۆنەوە هاتن، پشتیوانیان لێکردین،هاوکاری ئەوان ئێمەی نزیککردەوە لەو دەستکەوتانە، ئومیدی خستە بەردەم هەنگاوەکانی داهاتوومان.
**سەرکەوێ خەباتی رەوای پەنابەران**
**بژی ئازادی نیشتە ڃ بوون.**
**سکرتاریتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی**
**2011-6-23**







---

IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT:07856032991**
,www.csdiraq.com ifir@hotmail.co.uk www.federationifir.com
**Kurdistan: Amang Abdulla,contact Number:009647702204844**